# بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان

پشت بەم ڕاگەراندراوە نیشتمانیە دەبەسترێت وەك پێوەرێك بۆ جێبەجێ كـــردنی ئەركی پیشەی رۆژنامە نووسان كە بریتیە لەكۆكردنەوە و گواستنەوەو دابەش كردنی زانیاریەكان ،سەرەرای ئەوانەی كە لێدوان و بەدواداچوونیان لەسەرهەواڵەكان هەیە ، لەكاتی باس كردنی ڕووداوەكاندا:

١.یەكەمین ئەركە ڕۆژنامە نووس بریتیە لە ڕێزگرتن لە راستی و مافی جەماوەر بۆگەیشتن بەراستیەكان.

٢. رۆژنامەنووسان لە میانەی بەجێگەیاندنی ئەركەكانیاندا هەمووكات داكۆكی لە ئازادی دەكەن ،ئەویش بە گواستنەوەی راستی و دروستی هەوالەكان و بلاْوكردنەوەیان ، هەروەها مافی رادەربڕین و رەخنەگرتنیان هەیە بەشێوەیەكی دادپەروەرانە .

٣. ڕۆژنامە نووس ئەو هەوالاْنە تەنها بەپێی دڵنیا بوونی لەسەرچاوەكان بلاْودەكاتەوەو، بۆی نییە زانیاری گرنگ بشارێتەوە ، یاخوود بەڵگەنامەكان بشێوێنیٚ .

٤.پێویستە رۆژنامە نووس بۆدەسخستنی هەواڵ و وێنەو بەڵگەنامە ، ڕێگەی دروست و ڕەوا بگرێتەبەر.

٥.دەبیٚ رۆژنامە نووس ئەو پەڕی تواناو ووزەی خۆی بەكار بهێنێت لە پێناو راست كردنەوەو هەمواركردنی ئەو زانیاریانەی كە بە شێوەیەكی ناراست و نادروست بلاْو كراونەتەوە و خراپ و زیان بە خشن.

٦.پێویستە رۆژنامە نووس ڕەچاوی پاراستنی نهێنیەكانی پیشەكەی بكات و ، سەرچاوەی ئەو زانیاریانە بپارێزێت كە داوای لیٚ كراوە نەی دركێنیٚ.

٧. دەبیٚ رۆژنامە نووس هۆشدار بێت لە و مەترسیانەی كە رەنگە لە ئاكامی ئەو جیاكاری و ناكۆكیانە بێتە ئاراوە كە لەوانەیە بە هۆی راگەیاندنەوە روو بدات هەروەها هەموو تواناكانی بخاتە گەڕ بۆ ڕێگرتن لە و بانگە شانەی كە لەوانەیە بنامایەكی رەگەز پەرستی ،زمان ، ئاین ، یاخود بیروڕای سیاسی و، هە ربیرو باوەڕێكی دیكە ، یان جیاوازی ناسنامە و بنەچەی كۆمەلایەتی هەبێت.

٨. دەبیٚ رۆژنامە نووس ئەوە باش بزانیٚ كە هەندیٚ كارو ڕەفتار سنور بەزاندنی ترسناكی پیشەكەیەتی ، لەوانە : ساختەكاری (انتحال) لیكدانەوە بەنیازی خراپ ، تانە وتەشەر ، تۆمەتی بیٚ بنەما ، بەرتیل وەرگرتن بۆ بلاْوكردنەوە، یان شاردنەوەی زانیارییەكان .

٩. ئەو رۆژنامە نوسانەی کە شایستەی ئەو پیشەیەن ، پێویستە بڕوایان هەبێت کە ئەرکی ئەوانە ڕەچاوی پاراستنی ئەو پرەنسیپانە بکەن کە باس کران ، ئەوش لە چوار چێوەی یاسایی گشتی هەر و لاتێکدا..

ئەم بەڵێننامەیە لە ســــاڵی ١٩٥٤ لەلایەن ئەنجومەنی جیهانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامە نوسانەوە ڕاگەیەندرا ، دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن هەمان ئەنجومەنەوە هەموار کراوە.